ئەنجومەنی نوێنەران: دووشەممەی داهاتوو دوا وادەیە بۆ پێشکێشکردنی داواکاریی کاندیدبوون بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار

ئەمڕۆ شەممە ، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران، جەختی کردەوە کە ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو دوا وادەیە بۆ پێشکێشکردنی داواکاریی کاندیدبوون بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەست ئاژانسی هەواڵی موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاند: "جەخت دەکەینەوە کە دوا وادە بۆ پێشکێشکردنی داواکارییەکانی کاندیدبوون بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو دەبێت کە دەکاتە 5ی کانوونی دووەمی 2026، تاوەکو کۆتایی کاتی دەوامی فەرمی."